# به بۆنەی کۆچی دوایی شاعیری میللی و خۆشەویست و ناسراوی شاری سلێمانی هاوڕێمان "شێخ ئەنوەر"ی نەمرەوە





به کامێرای: سەردار فەتاح

**شێخ ئەنوەر  لە چاخانەی شەعب  2005/05/21**

**شێخ ئەنوەر  لە شیعرێکی خۆیدا ئەڵێ:**

**ئەڵێن سروشت خەتا ناکا**

**ئەدی تۆ بۆ ئەوەند جوانی**

**هەزارانی وەکو من بـــوو**

**جوانی ڕووی تۆ بوو سوتانی**

**لە سایەی سامانی ڕووتا**

**ئەمن تۆزی خاکی بەرپێتم**

**ئەوی بۆ ڕووت نەسوتابێ**

**یاران منـم کەوا شـــێتم**

**بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییخۆشەویستی هەمووان "شێخ ئەنوەر" شاعیری ووشە پاراو و زمان شیرینی شاری سلێمانی، ئەو شاعیرە بە جەرگەی ووشە ئاگرینەکانی، ئێمەی کوڕ و کاڵی تازە کورەی  دوای هەرەسی، پێ ئاشنا بووین و بە هۆی کتێبخانەکەیەوە، کە مەکۆی جۆشدانەوەی شۆڕشی نوێ بوو، لە بازاری عەسری  بە دیوی شەقامی کاوە دا، کە بە کتێبخانەی "نالی" ناسرابوو، پاشان بووە کتێبخانەی شانۆ. هەمیشە ئامێزی بۆ ئەدیب و نوسەرانی کوردی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کوڕ و کاڵ و لاوان کردبۆوە، بە شیعرە تەنز ئامێز و بەرگریەکانی بە گژ دێوەزمەی بەعس دا دەچۆوە. ئێمەی تامەزرۆی خوێندنەوە، سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکان، کە دەچووینە بەر کتێبخانەکەی یا شێخ بانگی دەکردین و شیعرێکی نوێی خۆی بۆ دەخوێندینەوە، ئەم نەمرە چەندین جار تووشی چەرمەسەری و لێدان و گرتن و بانگکردن بۆتەوە لە لایەن دەزگاسەرکوتکەرەکانی ڕژێمەوە.**

**شێخ ئەنوەر جگە لەوەی خاوەنی زمانێکی تەڕو پاراو شاعیرێکی میللی شیعر سوار بوو، دەم و دەست بۆ هەموو ڕووداو و کۆستێك، چامەیەکی جوانی دەنووسی، ئەو زۆربەی نوسەر و شاعیرەکانی وەك کامەران و دیلان و کاکەی فەللاح و  ع.ح.ب. و ئەخۆل و ئەحمەد شوکری و مەدهۆش و حەمە عەلی ووریا و رازی، هتد ... بە ئێمە ناساند و لەگەڵ کۆمەڵێك نوسەر و ڕۆشنبیری ئەو دەمەدا، نزیکی کردینەوە.**

**شێخ ئەنوەر لەو سەردەمەدا لە دەزگا و ناوەندێکی ڕۆشنبیری گەورە زیاتر ڕۆڵی هەبوو، ئەو لە ڕۆژە ناهەمووارەکاند ئاشنای کردین بە ئەدەبی بەرگری و هانی دەداین بۆ مقاوەمەت و زۆربەی دەقە ئەدەبی و کتێبە یاساغەکانی بۆ پەیدا دەکردین، جگە لەوەی خۆی دەزگایەکی چاپ و بڵاو کردنەوە بوو، دەیان کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی بڵاوکردۆتەوە.**

**ئەو هەرچەندە، هاو تەمەنی هەندێکمان نەبوو، هەمیشە دەیووت من هاوڕێی ئێوەم ئێوە ڕەفیقی منن، هەمووتا پیر دەکەم، خۆم پیر نابم، لێم ببورن ئەگەر شیعری هەجوو و تەنز ئامێزتان بۆ دەخوێنمەوە، ئەم ڕۆژگارە تاڵە ڕانابووری ئەگەر بە گژییدا نەچینەوە. شێخ ئەنوەر سەری دەکردە سەرمان و هەندێ لە هاوڕێکانمانی ناو نابوو "مەعاون ئەدیب، یان پێوە بووە".**

چیرۆکی "جووتێ پێڵاوی بەجیماو"ی خۆی هەمیشە بۆ دەخوێندینەوە و باسی چیرۆکی بەگژاچوونەوەی خۆی دژی مولازم موحسینی بۆ دەکردین، دەیگوت کەس نەیتوانی لە موحسین بدات، من لێم دا و دامە بەر شەق، بەڵام بە خوا نەمدەناسی ئەگینا منیش نەمدەتوانی، شێخ باسی دەکرد چۆن پەلاماری موحسینی داوەتەوە و بە تەشوێیەك لێی داوە و جامی قینی خۆی بەسەردا قلّپ کردۆتەوە و ڕەفیقی چیرۆك نووسی ڕەحمەتی کوڕی مەلا فایەق شایەتحاڵی ئەم ڕووداوە بوو، چۆن ئەوانیش بە پێنج شەش لە چەتەوڵکانیموحسین لەمیان داوەتەوە و گرتوویانە و بردویانە بۆ ئەمن.

هاوڕێمان شێخ ئەنوەری نەمر... چاو لێك بنی بە ئارامی بنوو، بڕۆ خوات لەگەڵ ماڵئاوا، ئێمە کۆمەڵێك لە دۆستان و هاوڕێیانت لە تاراوگە، چاوبەفرمێسکین بۆ دواکۆچت، هاوبەشی خەم و پەژارەی کاکە "هۆشیار و خۆشکەکانی و لەعلی خان" و خانەوادەکەت دەکەین، نەمری بۆ شێخ ئەنوەری هاوڕێمان.

**هاوڕێیانت**

**خالید ڕەسوڵ، بەکر محەمەد ئەمین(خاڵە بەکر)، هیوا سەرهەنگ، محەمەد جەزا بەرزنجی، سەردار فەتاح ئەمین، صەلاح مەجید، عومەر ڕەسوڵ، هاوڕێ حەمە صالح، خالید مەجید فەرەج، دکتۆر ناصح فاتح عوسمان(ئارام قەرەداخی).**